# بەشی چوارەم: مەترسی ئاڵۆزییەکانی نیو کەرتی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان

04-01-2022

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە** : لەڕووی موڵەتدان، وەبەرهێنان و کڕین و فرۆشتنەوە، کەرتی خانووبەرە ناڕوونی و ئاڵۆزییەکی پێوەدیارە کە بووەتەهۆی جیاوازی گەورە لەنیو شارەکان و لەکاری ئەو کەسانەی لەم کەرتەدا کار دەکەن. لێرەدا هەڵوەستە لەسەر جیاوازییەکانی نێوان هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بۆ خانووبەرە لە شێوازی کڕین و فرۆشتن لە شوقە و خانوو و ڤیلا نوێیەکان دەکرێت و، لێکەوتەکانی تێکەڵیی کاری وەبەرهێنەر و خاوەن کۆمپانیا و نووسینگەکانی خانووبەرە (دەڵاڵی خانووبەر) و جیاوازی موڵەتدان بە پرۆژەکانی نیشتەجبوون دەخرێنەڕوو.

**مەحموود بابان*** ـناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو |

**بەرایی**

لەڕووی مۆڵەتدان، وەبەرهێنان و کڕین و فرۆشتنەوە، کەرتی خانووبەرە ناڕوونی و ئاڵۆزییەکی پێوەدیارە کە بووەتەهۆی جیاوازی گەورە لەنیو شارەکان و لەکاری ئەو کەسانەی لەم کەرتەدا کار دەکەن. لێرەدا هەڵوەستە لەسەر جیاوازییەکانی نێوان هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بۆ خانووبەرە لە شێوازی کڕین و فرۆشتن لە شوقە و خانوو و ڤیلا نوێیەکان دەکرێت و، لێکەوتەکانی تێکەڵیی کاری وەبەرهێنەر و خاوەن کۆمپانیا و نووسینگەکانی خانووبەرە (دەڵاڵی خانووبەر) و جیاوازی مۆڵەتدان بە پرۆژەکانی نیشتەجبوون دەخرێنەڕوو.

لەڕاستیدا جیاوازییەکان زۆرن، بەڵام ئەگەر کڕین و فرۆشتن بە نموونە وەربگرین، ئەوا دەردەکەوێت جیاوازییەکی گەورە لە نێوان پارێزگاکاندا هەیە. بۆ نموونە لەپارێزگای سلێمانی، وەبەرهێنەر ڕێگە نادات هیچ نووسینگە و کۆمپانیایەکی خانووبەرە لەنیو پرۆژەکاندا شوێنی هەبێت و کار بکات، ئەگەر ڕێگەش بدات، یەک شوێنی سەر بە کۆمپانیای وەبەرهێنەرەکەیە. بەپێچەوانەوە لە هەولێر سەرجەم کۆمپانیا و خاوەن نووسینگەکانی خانووبەرە دەتوانن کڕین و فرۆشتن بکەن، بگرە هەر لە سەرەتاوە خاوەن نووسینگەکانی خانووبەرە و کۆمپانیاکان پرۆژەکان دەکڕنەوە و لەبازاڕدا دەیفرۆشنەوە. لەکاتێکدا شێوازی کارکردن لە دهۆک تەواو جیاوازە و هێشتا لە دهۆک کۆمپانیاکانی خانووبەرە بۆ خۆیان پرۆژەکان دەفرۆشن. لەم ڕاپۆرتەدا بەوردی و تەنیا فۆکووس لەسەر ئەم سێ خاڵەی خوارەوە دەکەین:

**یەکەم**: کێ وەبەرهێنەر و کێ دەڵاڵی خانووبەرەیە ؟

تێکەڵیی لەکاری وەبەرهێنەر و دەڵاڵی خانووبەرە یان ڕێکخەری کڕیار و فرۆشیار، بەشێوەیەکە ئێستا وەبەرهێنەر پرۆژەکان دروستدەکات، هەر بۆخۆی دەیفرۆشێت و بۆخۆشی سەرپەرشتی پرۆژەکە لەدوای تەوابوونی دەکات خزمەتگوزارییەکانی نیو پرۆژەکەش بەڕێوەدەبات. کە ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە لەم سێکتەرەدا وەبەرهێنان بەمانای بوژاندنەوەی ئابووری ناکرێت. هەربۆیەش وەبەرهێنەرێک لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەکەی بە کەرەستەی دیجیتاڵی وەک سریدی ماکس و ئۆتۆکاد لەجیهانی ڤیرچواڵ، ئەگەر کۆی یەکەکانی نەفرۆشتبێت ئەوا سەروو نیوەی فرۆشتووە. ئەمەش بەواتای ئەوە دێت لەم کەرتەدا وەبەرهێنان ناکرێت، بگرە پارەی نیوخۆی هاونیشتمانیان بۆ درووستکردنی کەلوپەلی باڵەخانە و تاوەر و خانووەکان وەردەگیرێت و دەکرێتە باڵەخانە و دەڕواتە دەرەوە. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕووداو لەدەرگای چوونە ژوورەوە بۆ کەرەستەی نێو خانوو و شوقەکان، نزیکەی 95%ی کۆی کەرەستە و مادده بەکارهاتووەکان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هاوردە دەکرێت[1]. هەروەها، وەبەرهێنەر ئەگەر کاری وەبەرهێنان بکات، ئەوا دەبێت پرۆژەکان دروستبکات و ڕادەستی بکات، نەک کاری کڕین و فرۆشتن لەنیو پرۆژەکاندا بکات. بەپێچەوانەوە خاوەن نووسینگە و کۆمپانیاکانی خانووبەرەش نابێت کڕینەوەی پرۆژەکان و فرۆشتنەوەی لەبازاڕدا بکات. چونکە تێکەڵبوونی کاری وەبەرهێنەر و دەڵاڵی خانووبەرە لێکەوتەی گەورەی دەبێت، وەك تەواونەکردنی چەند پرۆژەیەکی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان، کە دیارترینیان پرۆژەی فلۆریا سیتییە.

**دووەم**: جیاوازییەکانی کاری کۆمپانیاکانی خانووبەرە

لەراستیدا، تاوەکو سەرەتای ساڵی رابردوو ڕێگە بەکردنەوەی کۆمپانیای خانووبەرە نەدەدرا لە سلێمانی، لەکاتێکدا یەك دەیە زیاترە کۆمپانیاکانی خانووبەرە لە هەولێر کاردەکەن. هەروەها، لەسلێمانی خاوەن پرۆژەکان لەکاتی کڕین و فرۆشتنی خانوو و شوقەکاندا بڕێک پارە لەجیاتی بەناوکردنی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە وەردەگرن کە بڕەکەی جیاوازە و تاوەکو نزیکەی 800 دۆلار و زیاتریش دەڕوات. لەڕاستیدا ئەم بڕە پارەیە لەسەروو ئەو 1%یە کە خاوەن نووسینگەکانی خانووبەرە لە کڕیار و فرۆشیاری وەردەگرن. ئەو بڕە پارەیەی وەردەگیرێت تەنیا بۆ گۆڕینی ناوی خاوەندارێتی یەکەی نیشتەجێبوون لە کەسیکەوە بۆ کەسێکی دیکە لە تۆماری کۆمپانیای وەبەرهێنەر، بەبێ ئەوەی لە هیچ دامەزراوەیەکی فەرمی حکومەتدا بەناوی کەسەکەوە کرابێت. بەگوتەی یەکێک لە خاوەن کۆمپانیاکانی خانووبەرە لە سلێمانی بەتەنیا لە یەک یەکەی نیشتەجێبوون لە 2020دا، لەکاتی کڕین و فرۆشتندا نزیکەی 10 هەزار دۆلار بە خاوەن وەبەرهێنەری پرۆژەکە دراوە کە چەند ساڵێکە پرۆژەکەی تەواوکردووە.

**سێیەم**: سێ شوێن یەک ئامانج: مۆڵەتدان بە پرۆژەکان

لەڕوویەکی دیکەوە کێشەیەکی دیکەی کەرتەی خانووبەرە پەیوەندی بە هاوئاهەنگی نێوان وەزارەتەکان و دەستە سەربەخۆکانەوە هەیە، بۆ نموونە لە پێدانی مۆڵەتی وەبەرهێنان بە کەرتی خانووبەرە و نیشتەجێبوون دوو وەزارەت و دەستەیەکی گشتی مۆڵەتی پرۆژەکانی وەبەرهێنان دەدات. هەندێک پرۆژەی نیشتەجێبوون مۆڵەتەکانیان لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار وەرگرتووە، هەندێک پرۆژەش مۆڵەتیان لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون وەرگرتووە، ئەوانی دیکەش لە دەستەی گشتی وەبەرهێنان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی وەبەرهێنانی پارێزگاکان مۆڵەتیان وەرگرتووە. کۆی ئەم ئاڵۆزییە و نەبوونی هاوئاهەنگی وایکردووە، چاودێری پرۆژەکان بەو شێوازەی مۆڵەتی وەرگرتووە نەکرێت و کۆی پێداویستییەکانی بۆ دابین نەکرێت. هەربۆیەش ئێستا تاوەری بازرگانی دەکرێتە یەکەی نیشتەجێبوون و بەپێچەوانەوە یەکەکانی نیشتەجێبوون دەکرێت بەشوێنی بازرگانی و کۆمپانیاکان لە تەنیشت ماڵەکانن، هەر ئەم تێکەڵاوی و زۆرییەی شوێنەکانی مۆڵەتدان، وایکردووە نەتوانرێت ئامارێکی دروستیش هەبێت، چ جای ئەوەی پەیڕەوی سیستمی یەک پەنجەرە بۆ راییکردنی مامەڵەی وەبەرهێنەرەکان بکرێت.

هەروەها، رۆژ بە رۆژ ژمارەی نووسینگە و کۆمپانیاکانی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان روو لە زیادبوونە، ئەمە سەرەڕای پەیجە جیاوازەکانی سۆشیال میدیا و ئەپڵیکەیشنە جیاوازەکان، کە بەپێی ئامارە فەرمییەکان تاوەکو ئێستا ژمارەی کۆمپانیا و نووسینگەکانی خانووبەرە بەشێوەیەک زیادیکردووە کە گەیشتووەتە 5854 نووسینگە و کۆمپانیای خانووبەرە. هەندێک لە کۆمپانیاکان ژمارەی لقەکانیان لەنیو یەک شاردا لەسەرووی 25 لقەوەیە کە کاری کڕین، فرۆشتن و بەکرێدان ئەنجامدەدەن، لەڕاستیدا ئەم خێرا گەشەکردنە پەیوەندی بە فراوانبوونی خێرای کەرتی خانووبەرە و بڕی پارەی وەرگیراوە لە کڕیار و فرۆشیار هەیە، کە 1%ی، واتە ئەگەر خانوویەک یاخود شوقەیەک بە 100 هەزار دۆلار بێت، ئەوا کۆمپانیا و نووسینگەکانی خانووبەرە 1 هەزار لە کڕیار و 1 هەزار لە فرۆشیار وەردەگرن، ئەمە لەکاتێکدا خانوو و ڤیلاکانی هەندێک لەپرۆژەکانی نێشتەجێبوون لە سەروو نیو ملیۆن دۆلارەوە مامەڵەی پێوەدەکرێت.

**کۆتایی**

لەکۆتاییدا، رەنگە ئێستا زیانەکانی تێکەڵیی و ئاڵۆزیی کەرتی خانووبەرە لە چەند پرۆژەیەکدا بەڕوونی دەرکەوتبێت وەک پرۆژەکانی دەشتی بەهەشت و فلۆریا ستی لە هەولێر، کە کێشەکانی بەردەوامە و کڕیار نازانێت روو لە کێ بکات بۆ تەواوکردنی ئەو یەکەیەی چەندساڵێکە دەیان هەزار دۆلاری پێداوە. هەروەها پرۆژەی هاموون ستی[2] لە سلێمانی و هەندێك پرۆژەی دیکەی ئەم کەرتەش بەوجۆرەن. هەربۆیەش لێرەوە پێویستە رێکخستنەوەیەکی تەواو بۆ ئەم کەرتە بە دەرکردنی یاسایەکی نوێ و هەمووارکردنەوەی یاسا کۆنەکان و رێکخستنەوەی کاری وەبەرهێنەر و کاری دەڵاڵی خانووبەرە (ئەوانەی لە نووسینگە و کۆمپانیاکانی خانووبەرە) بکرێت، ئەویش بەئامانجی ئەوەی تاوەکو کێشەکان گەورە نەبوون و دارمانی گەورەی ئابووری بەدوای خۆیدا نەهێناوە. وەک ئەوەی ئەمساڵ لە چین و بەسەر کۆمپانیای ئێڤێرگراند هات، کە 152مین گەورە کۆمپانیا گەورەی جیهان و خاوەندارێتی 1300 پرۆژەی نیشتەجێبوون لە چین دەکات و حکومەتی ناچارکرد دەستێوەردان بکات، چوونکە قەرزی لەسەر کەڵەکە بووە و قەیران لە کەرتی خانووبەرە دروستبووە[3].

سەرچاوەکان


[1] https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0909202123

[2] https://www.rudaw.net/sorani/onair/tv/episodes/episode/berpirsiyar-13092021/13092021073402

[3] https://www.rudaw.net/sorani/opinion/221120212